# پیاوێك پرسیاری له‌ پێغه‌مبه‌ر -صلى الله عليه وسلم- كرد سه‌باره‌ت به‌ قیامه‌ت، ووتی: كه‌ی قیامه‌ت ڕووده‌دات؟ فه‌رمووی: «ئایا تۆ چیت بۆ ئاماده‌ كردووه‌

له‌ ئه‌نه‌سه‌وه‌ -ڕه‌زای خوای لێبێت- ده‌ڵێت: پیاوێك پرسیاری له‌ پێغه‌مبه‌ر -صلى الله عليه وسلم- كرد سه‌باره‌ت به‌ قیامه‌ت، ووتی: كه‌ی قیامه‌ت ڕووده‌دات؟ فه‌رمووی: «ئایا تۆ چیت بۆ ئاماده‌ كردووه‌». ووتی: هیچ، مه‌گه‌ر ئه‌وه‌ نه‌بێت من خودا وپێغه‌مبه‌ره‌كه‌یم خۆشده‌وێت -صلى الله عليه وسلم-، فه‌رمووی: «تۆ له‌گه‌ڵ ئه‌وانه‌یت كه‌ خۆشت ده‌وێن». ئه‌نه‌س ووتی: ئاسووده‌ نه‌بووین به‌ هیچ شتێك هێنده‌ی ئاسووده‌بییمان به‌م فه‌رمووده‌ی پێغه‌مبه‌ر -صلى الله عليه وسلم-: «تۆ له‌گه‌ڵ ئه‌وانه‌یت كه‌ خۆشت ده‌وێن»، هه‌روه‌ها ئه‌نه‌س ووتی: من پێغه‌مبه‌ر -صلى الله عليه وسلم- وئه‌بوبه‌كر وعومه‌رم خۆشده‌وێت، وهیوادارم له‌گه‌ڵ ئه‌وان بم به‌ خۆشه‌ویستیم بۆیان، ئه‌گه‌رچیش كرده‌وه‌كانم وه‌كو كرده‌وه‌كانی ئه‌وان نابێت.

[صه‌حیحه‌] [بوخاری و موسلیم هاوڕان له‌سه‌ری]

پیاوێكی ده‌شته‌كی -ئه‌عرابی- پرسیاری له‌ پێغه‌مبه‌ر -صلى الله عليه وسلم- سه‌باره‌ت به‌ كاتی ڕوودانی قیامه‌ت؟ پێغه‌مبه‌ر -صلى الله عليه وسلم- فه‌رمووی: ئایا چی كرده‌وه‌یه‌كی چاكت بۆ ئاماده‌ كردووه‌؟ پرسیاركار ووتی: كرده‌وه‌ی زۆرم نییه‌ به‌ڵام من خودا وپێغه‌مبه‌ره‌كه‌یم خۆشده‌وێت، وهیچ شتێكی تری باس نه‌كرد له‌و په‌رستنانه‌ی به‌ دڵ ولاشه‌ وسامان ئه‌نجام ده‌درێن؛ چونكه‌ هه‌موویان لقێكن له‌و خۆشه‌ویستیه‌ و له‌سه‌ری دامه‌زراون، وخۆشه‌ویستی ڕاسته‌قینه‌ هانده‌ره‌ بۆ كۆششكردن له‌ ئه‌نجامدانی كرده‌وه‌ی چاكدا. پێغه‌مبه‌ر -صلى الله عليه وسلم- فه‌رمووی: تۆ له‌ به‌هه‌شتدایت له‌گه‌ڵ ئه‌وانه‌ی خۆشت ده‌وێن. بۆیه‌ هاوه‌ڵانی پێغه‌مبه‌ر -صلى الله عليه وسلم- زۆر دڵخۆشبوون به‌م موژده‌یه‌. پاشان ئه‌نه‌س -ڕه‌زای خوای لێبێت- ڕایگه‌یاند كه‌ ئه‌و پێغه‌مبه‌ر -صلى الله عليه وسلم- وئه‌بوبه‌كر وعومه‌ری خۆشده‌وێت، وبه‌ هیوای ئه‌وه‌یه‌ له‌گه‌ڵ ئه‌وان بێت، ئه‌گه‌رچیش كرده‌وه‌ی وه‌كو كرده‌وه‌ی ئه‌وان نابێت.